# دیوارەکان دەڕووخێن

**بەختیار شاخی**

ئەگەرچی لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی نەگریسی ناوخۆدا حکومەتی هەرێمی کوردستان درزی تێکەوت و نزیکەی دە ساڵیش دەبوو حکومەتەکە بەکردەوە دوولەت ببوو، بەلاّم ئەو دووکەرت بوونە درزی نەخستە هیوای خەڵک بۆ یەکگرتنەوە و لەگەڵ سوێند خواردنی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمدا چاوەڕوانییەکان کۆتاییان هات و دیوارەکە رووخا.

رووخانی دیواری نێوان دوو ئیدارەکە ئومێدی ئەوەی بەدواوەیە کە دیواری بێ متمانەیی لەنێوان هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستاندا بەتەواوی بڕوخێنرێت، رووخانی ئەو دیوارەش بە پێکەنینی کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردایەتیی هەردوولا دەرناکەوێت، بەڵکو هەر ساتێک متمانەکە گەیشتە نێو لایەنگرانی هەردوولا و حەساسییەتی خەڵک بەرامبەر رەنگەکان ئەوەندە کەم بێتەوە کە لایەنگرێکی یەکێتی بتوانی لە مۆندیالی داهاتوودا لە قاوەخانەیەکی ناوبازاڕی سلێمانیدا چەپڵە بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل لێبدات وناچار نەبێت لەبەر رەنگی فانیلەی سعودیە چەپڵە بۆ سعودیە لێ بدات و لە بەرازیلی خۆشتر بوێت، واتە فانیلەی زەرد و سەوزی تیمەکانی جامی جیهانی نەبنە بەشێک لە ناکۆکیی ئەندامانی پارتی و یەکێتی، ئەگەرچی دوای ئاشتبوونەوەی سەرکردەکان و یەکگرتنەوە، شێتییە ئەگەر شەڕی کادیران بەردەوام بێت، بۆ کێی دەکەن؟ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە ململانە و شەڕە قسەی ئێوە نییە، تەبابن با کوردستان ببوژێتەوە.

رەنگە ئەو رۆژی دیوارەکەی بەرلین رووخا، دڵخۆشیی دانیشتووانی بەرلینی رۆژهەلاّت و رۆژئاوا لەوە زیاتر بێت کە بەنووسین وەسف بکرێت، ئەوە تەنها فرمێسکی شادیی ئەڵمانەکان بوو کە چیرۆکی سالاّنی چاوەڕوانی دەگێڕایەوە، لێرەش یەکگرتنەوە زۆری پێچوو، بەلاّم بۆ کاری چاک هەرگیز درەنگ نییە، ئەوەی ئێستا گرنگە رەنگدانەوەی نییەتی هاوکاری و پێکەوە ژیانە، خەڵک چاوەڕێی ئەوەیە یەکگرتنەوە نەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی کێشەکان، نەبێتەهۆی ئەوەی گەندەڵی و رۆتینی دوو ئیدارە لەنێو یەک ئیدارەدا کۆبکرێتەوە و خەونی خۆشی خەڵک بکات مۆتەکەیەکی ترسناک.

خەڵک چەندە هیوای بەوەیە کە رووخانی دیواری نێوان دوو ئیدارەکە بەیەکجاریی دیواری نێوان دوو هەرێمەکەش بڕووخێنێت، سەد ئەوەندەش هیوادارە کە رووخانی دیواری بەرزی نێوان بەرپرسان و هاوولاتیان ببینێ، خەڵک ئومێدی ئەوە دەخوازێت کە حکومەتی یەکگرتوو کۆتایی بە رۆتین و هەرجۆرە گەندەڵییەک بهێنێت و زۆرترین خزمەتگوزارییش بۆ خەڵک دابین بکات، خەڵک دەخوازێ لە

کـەمترین مـاوەدا کوردسـتان گەشـەیەکی ئـابووریی بەرچـاو بەخۆیـەوە ببینـێت و داهاتی خەڵک بەجۆرێک بێت کە ژیانێکی سەربەرزانەیان بۆ دابین بکـات، کێشەی نیشتەجـێبوون نەمـێنێ و هــەزاران گـرفتی دیکــەی خــەڵک چارەســەریان بــۆ بدۆزرێتەوە، خەڵک ئەوکاتە بەتـەواوی دڵـی بـەو یەکگرتنەوەیـە خـۆش دەبێت کـە لەماوەیەکی نزیکدا هەندێ گۆڕانی بەرچاو هەست پێبکات و مو ژدەی خــــــۆش ببیستێ، گەنجەکانیش، جودا لە کێشە گشتییەکان، خەونی خۆیان هەیە و چاوەڕێی وەدی هاتنیـانن. هــەموو ئـەو ئومـێدانەی خــەڵک لەوکارنامەیـدا بـەدی کـران کـە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی کرد و بە وەدی هاتنیـان تەمـەنی دیوارە بەرزەکان کورتتر دەبێت.